



(لە ڕێی دروستکراوەکان فیطڕە بە کار دەخرێت)

# پێویستە قورئان ئیمان دروست بکات
# شێوازو چۆنییەتی ئیشکردنی فیطڕە لە ناخی مرۆڤدا

هەموو دروستکراوەکان لە بێ گیان و ئاژەڵان، بە تایبەت مرۆڤەکان بە چەمکی سەجدە و تەسبیح پیشەی مەخلوقییەتی خۆیان بەجێ دەگەیەنن. بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەش دروستکراون. دەزانین لۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ئیمان هۆکارە، بەڵام باشترین ڕێگە لۆ دروستکردنی ئەو ئیمانە کامەیە؟ ڕۆڵی ئامرازەکانی دروستکردنی ئیمان چین؟ لە بەرچی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) کات و شوێنی وەحی نەزانیوە؟ ئایا ئەو شتانە چین کە جبریل(علیه السلام) پەیوەندی پێیانەوە نییە؟

## تەسبیح و سەجدە، ئاژەڵ و مرۆڤ

لە میانەی وانەکانی ڕابردوودا، باسی خۆرو مانگ و ئاژەڵمان کردووە، کە ڤایرۆس و ئەمیبامان بە نموونە هێنایەوە، ئەمانە لە چوارچێوەی تەسبیح وسەجدە وەزیفەی خۆیان بەجێ دەگەیەنن، خۆر گەرمی و رووناکی پێشکەشی گەردوون دەکات، ئەم هەموو وەزیفە بەجێ گەیاندنە لۆ بازنەو زنجیرەی تەسبیح و سەجدە بردنە لۆ ذاتی خودای ڕەحمان. هەروەها مرۆڤ بەشێکە لەم هەموو دروستکراوانە، کە ئەویش فەرمانی پێکراوە سەجدەو تەسبیحی خودای بکات، بەڵام فەرمان پێکردنەکەی مرۆڤ لە دوو ڕوانگەوە (منطلق)وەیە: یەکەم بە ویست و دووەم بێ ویست، بەویست ئەوەیە: کە خودای ڕەحمان بە گەورەیی و مەزنایەتی خۆی فەرمانی پێبکات، بیکە. نوێژ بکە، ڕۆژوو بگرە حەلال بخۆ، چاکە بکە، یاخود (لاتفعل) مەیکە، درۆ مەکە، ستەم مەکە، دزی مەکە، تاوانکاری مەکە، غەدرو ناپاکی مەکە، ئەمانە لە منطلق-ی بە ویست، کە دەکرێت مرۆڤ ئەمانەی بەجێگەیاند ببێتە موسەبیح و ساجد لە بۆ ذاتی خودای ڕەحمان.

دەربارەی ڕوانگەی (منطلق)ی بێ ویستی باسی ئەوەمان کرد ئەو مرۆڤە سەردەمێکی دیاریکراو دەژییت، بڕێکی دیاریکراو ئۆکسجین وەردەگرێت، هەناسە وەرگرتن و هەناسەدانی بەو جۆرەیە کە خودای ڕەحمان لۆ ی دروستکردووە، دەبێ بخەوێت، دەبێ بمرێت، دڵ لێدانی بەو جۆرەیە، ئەوە هەمووی سروشتی مەخلوقییەتی ئەو مرۆڤەی بە بێ ویستی هەمووی تەسبیح و سەجدە بردنە لە بۆ ذاتی خودای ڕەحمان ئەمانەمان هەمووی بە درێژی باسکرد.

## سەرەتای بنیاتنانەوەی ئیمان

تیشکمان خستە سەر ئەوەی، کە ئەو پەرستشە دەبووایە لە دوای ئیمان هێنان بە دروستی جێبەجێی بکردبایە، لێرەش دەربارەی مرۆڤەکە گوتمان: فیطرە بنچینەیەکە لە ناوەوەی مرۆڤ و لە ناوەوەی هەموو مەخلوقاتێك دانراوە، هەروەها سەلماندمان کە ئاژەڵ فیطرەی هەیە، بە هۆی فیطرەکەیەوە چاك و خراپ لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بە چەمکی شەرعی فیطرەکە دەبێتە ئامێری حەڵاڵ و حەرام لەیەك جیاکردنەوە، نموونەشمان بە پشیلە هێنایەوە، کە چۆن توانی گۆشتی حەڵاڵ و حەرام لێك جیا بکاتەوە، هەروەها نموونەمان بە ئەمیبا هێنا کە لەو نێوەندەی تیایدا دەژییت دەتوانێت چاکەو خراپەی خۆی لێك جیا بکاتەوە، ڕووەکیش بەهەمان شێوە چاکەو خراپەی خۆی لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بە زاراوەی قورئانیی ئەمانە هەموو دەبنە حەرام و حەڵاڵ، کەواتە" ئاژەڵ و ڕووەك و مەخلوقێکی بچوکی وەك ئەمیبا، هەروەها مرۆڤ و ئەمانە بەهۆی فیطرەی خۆیان دەتوانن حەڵاڵ و حەرام یاخود چاکەو خراپە لەیەکتر جیا بکەنەوە، لە ئان و ساتی لێك جیاکردنەوەی ئەم چاکەو خراپەو پابەندبوون پێوەی و گرتنی چاکە بە چاکەو بەردەوام بوون لەسەری، زانینی خراپە بە خراپ و دوورکەوتنەوە لێی، ئەم کەسە لەو حاڵەتەدا شەرعی خودای ڕەحمان جێبەجێ دەکات، ئەگەر هاتوو مرۆڤ بێت، یان ئاژەڵ و ڕووەك و ڤایرۆس و ئەمیبا بێت، پەیڕەو و پڕۆگرامی خودای لەسەر خۆی جێبەجێکرد، بە ویست بێت یان بەبێ ویست بووە بەندەی

خودای، بەڵام لەبەر ڕێزلێنان و پایەدارکردنی خودی مەخلوقی مرۆڤ ئەوا خودای ڕەحمان بە ویستی خۆی فەرمانی پێکردووە کە چاکەو خراپە بە عەقڵی خۆی لێك جیا بکاتەوە، مرۆڤیش وەکو هەموو ئەو مەخلوقاتانە فیطرەی لە ناو ناخیدا هەیە، گوتمان ئەگەر هاتوو پەیڕەو و پڕۆگرامی دەرەکی کە قورئانەکەیە بیکە (افعل)یاخو مەیکە (لاتفعل)ی تێدایە، کەسەکە هات ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە دەرەکییەی لەگەڵ فیطرەی ناوەوەی ئەو مرۆڤەی کە ئامێری فیطرەی ئەم مرۆڤە لەبنەڕەتدا پێوەی مەخلوقە، چاکەو خراپەی لەیەکتر جیاکردەوەو توانی ئەو هاویەکبوونە جێبەجێ بکات، واتە" یەکبوونێك دروست بکات لەنێوان پەیڕەو و پڕۆگرامی دەرەکی لەگەڵ فیطرەی ناوەوەی، ئەوکاتە لە ناخی خۆی دەست دەکات بە ئیمان زیندووکردنەوە.

## سیستەمی ئیمان وەرگرتن

پێویستە چەند خاڵێك لۆ ڕێکوپێکی لە زیندووکردنەوەی ئیمان پەیڕەو بکرێت، ئەو ڕێکوپێکییەی کە خودای ڕەحمان هەموو بوونەوەرو دروستکراوەکانی لەسەر بنیاتناوە.

یەکەم: هەموو بوون و مەخلوقات بە گوێرەی سیستەمێکی دیاریکراو دروستکراون، ئەو ئیمانەی زیندوو دەکرێتەوە لە ناو دڵی مرۆڤ دا دەبێ بە پێی سیستەمێکی ڕێکوپێك و بەرنامەڕێژیی بگەڕێندرێتەوە، پشێوی و نارێکی لە ئیمان دروستکردن نییە، هەرەمەکی تێدا نییە، ئیمان بە خۆ دروستکردن لە ژوورەوەی مرۆڤ، بەڵکو هەروەك چۆن ڕێباز (سنة)ی خودای ڕەحمان لەسەر ئەو گەردوونە چەسپاوە و دەسەلمێنرێ و بەردەوامییەتی دەدرێتێ، بە هەمان شێوەش لەسەر مەخلوقاتی دەچەسپێ و دەسەلمێنرێت.

ئەم ڕێکوپێکییەش بەم جۆرە بێت کە مرۆڤەکان بۆیان دانراوە، نەك بەو جۆرەی کە بە مێشکی مرۆڤەکە دادێت، بە مێشکی خۆی بڵێت ئیمان لۆ خۆم دروست دەکەم، یان بە جۆری هەندێ دانراوی نێو پەرتووك و نوسراوەکانی ئیسلامی بێت، کە ئەویش لەوانەیە ئیمان دروست بکات، بەڵام ئیمانێك پشك پشك دەبێت، نەك ئیمانێك بە گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش چۆن ئیمان دروستکردنەکە بەم جۆرە دەبێت کە خودای ڕەحمان خۆی نەخشەی لۆ داناوە؟ لە ناوەوەی مرۆڤ فیطرەکەی لۆ داناوە، لە دەرەوەش دەبێ بە گوێرەی سیستەمی بەرنامەڕێژیی قورئان ئەو ئیمانە دروست بکات و فیطرەی مرۆڤەکە بە ئیش بخات.

## ڕۆڵی ئامرازەکان لە دروستکردنی ئیمان دا

دووەم: دەبێ بەم ئامرازو هۆکارانەش بنیات بنرێنەوە، کە لە بنەڕەتدا لۆ ئەم مەبەستە لە جەستەی مرۆڤ دروستکراون، ئامێر هەیە بەهۆی ئەوەوە ئیمان دروست دەکرێت، جێگەی جوگرافیش ئیمانی تێدا بنیات دەنرێتەوە، باسی ئەوەمان کرد ئەو ئامێرو ئامرازانەی کە ئیمانیان پێ دروست دەکرێتەوە سەمع و بەصەڕن کە کەلوپەلەکەشیان بریتین لە (أذن و عین) گوێ و چاو،

باسمان کرد کە چۆن چاو بەگوێرەی ویستی خۆی سەیر دەکات، لە وانەی دووەم باسی ئەندازیارەکانمان کردو گوتمان: چەند جۆرە ئەندازیارێك لە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر دەردەچن، ئەندازیاری بیناسازیی، ئەندازیاری دیکۆر، ئەندازیاری جوانکاریی، ئەمانە هەمووی تایبەتمەندن هەمووشیان ئەندازیارن، گوتمان ئەندازیاری بیناسازی کە داوای لێ دەکرێت نەخشەیەك دابمەزرێنێت دێت بە چاوی بیناسازی سەیری جێگەکە دەکات، ئەوکاتە نەخشە دادەنێت، بەڵام کەسێکی تر کە لە کۆلێژی ئەندازەی نەخوێندووە ئەگەر لەسەر کاغەز سەیری نەخشەکەش بکات تێناگات بابەتەکە چییە، چونکە ئەو چاوە بیناسازییەی نییە لە کاغەزەکە تێبگات کە ئەندازیاری بیناسازی نەخشەکەی لەسەر کردووە، گوتمان پاشان ئەندازیاری شارستانی دێت بە چاوی شارستانی سەیری نەخشەکە دەکات، بەگوێرەی ئەوەوە دیاری دەکات و کە ئەم نەخشەیە پێویستی بە چەند تۆن چیمەنتۆ هەیە، هەروەها پێویستییەکەی لە تۆنی شیش دیاریی دەکات، ئەندازیاری دیکۆریش ئیشی خۆی دەکات و ئەندازیاری جوانیی سەیری ڕەنگ و سیماو شێوەی ئەو باڵەخانەیە دەکات، کە ئایا پاش تەواوبوون پێویستە چۆن بێت.

هەر ئەندازیارێك لەم تایبەتمەندییانە کە هات بە جۆری چاوی خۆی سەیری ئیشەکەی کرد، هەرکاتێك ئەم چاوە بەو جۆرەی ئیشی پێ بکرێت ئەوکاتە چاو(عین)ەکە دەبێتە بەصەر، عەین دەبێتە بەصەرو ڕوئیەی پێدەکرێت، قۆناغەکی پاش ئەوە دەبێتە نەظەر، کە مێشکی تێدا ئیش دەکات و ویستی مرۆڤی باڵادەستە، ئەگەر هاتوو گوێ بەو جۆرەی تایبەتمەندی خۆی وەرگرت دەبێتە سەمع، لە گوێ دەبێتە بیستن(سمع)، ئەوانە ئامرازەکانن و هۆکارەکانی ئیمان دروست کردنن لە جەستەی مرۆڤ.

جێگەش هەبوو گوتمان ناوەوەی مرۆڤەکەیە، ئەویش جێگەی دروستکردنی ئیمانە، جوگرافییانە ئیمان لە مێشك (ذهن) دروست ناکرێ، لۆ کۆو کەمکردنەوە، لۆ دابەشکردن و لێکدان، لۆ جەبر و ئەندازە، فیزیاو کیمیا، زانستەکانی ماددی ژیانیی ئەو مێشکە ئیش دەکا، کە ئەو چاوە هات بە گوێرەی خواستی ئەو مرۆڤە هەوڵیدا سودمەند بێت لەم زانیارییانە، ئەو کاتی لە ناوەوەی مرۆڤ ئامێرێك ئیش دەکات کە هاویەك دەبێت لەگەڵ ئەو شتە دەرەکییەی کە ناومان نا فیطرە، کە هەموو مەخلوقاتەکان تێیان دا هەبوو، بەهۆی ئەو فیطرەیەی چاك و خراپ و حەڵاڵ و حەڕامیان جیاکرد، ئەو کاتی کە سەمع و بەصەر دەست بە ئیشکردن دەکات، فیطرەکە دەبێتە فؤاد، ئینجا لەم وانەیە بە پشتیوانی خودای ڕەحمان دێینە سەر باسی ئەوەی کە ئایا چۆن ئەو (فؤاد)ە دەبێتە فیطرە، ئەوکات دەست بە ئیشی خۆی دەکات.

## جبریل پەیوەندیی بە چوار شت نییە!

**سێیەم:** لە وانەی سێیەمدا گوتمان ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامەی لە داخلی مرۆڤدا هەیەو خودای ڕەحمان بەگوێرەی نەخشەیەکی دیاریکراو دروستی کردووە، ناومان نا فیطرە، لە دەرەوەش ئامێرێکی دیکە هەیە هاویەکە لەگەڵ ئەو فیطرەیە ناوخۆییە کە ناومان ناوە قورئان. قورئان لە دەرەوە لەگەڵ فیطرەی ناوەوە یەکە، یەك ماددییەیەك پەیڕەوە، خودای ڕەحمان لۆ پێدانی مافی

بژاردەکردن و لۆ پایەدان بە خودی مرۆڤ جیای کردەوەو لە مەخلوقەکانی دیکەی دابڕی، لۆیە تەنیا لۆ مرۆڤ و جن پەیڕەو دێتە خوارەوەو هاتووەتە خواریش، مەخلوقاتی دیکە بە گوێرەی فیطرەی خۆی ئیش دەکا، پێویستی بەوە نییە خودای ڕەحمان فەرمانی دیکەی بەسەر بسەپێنرێت، ئەویش گوێڕایەڵی هەبێت و بەدوای فەرمانی خودای ڕەحمان بکەوێت، بە ئۆتۆماتیکی ئەو بە فیطرە ی خۆی ئیش دەکات و گوێڕایەڵیی خوای ڕەحمان دەکات، تەنیا لۆ ڕێزلینان و پایەدارکردن و بە پێشدانی مرۆڤ و جن، خودای ڕەحمان ئامێرێکی لە دەرەوە لۆ دێنێتە خوارەوە کە ناوی قورئانە، یاخود ناوی ئینجیلە، یان ناوی تەوراتە، یاخود ناوی صوحوفە، ئیشەکەی ئەوەیە هاویەکبوونێك لەگەڵ ناوەوەی مرۆڤ، کە فیطرەکەیە دروست دەکات، ئەوەی ئامێرەکەی دەهێنێتە خوارەوە ناوی جبریلە.

لەوانەی پێشوو سەلماندمان کە جبریل پەیوەندی بە ماددەی دابەزێنراو نییە.

جبریل پۆستەچییە، ئامێرێکە وەکو ئامێری پۆستە(بەبێ وێکچواندن) ماددەیەك لۆ شوێنێکی دیکە دەگوازێتەوە، پەیوەندیشی بە بابەتی ناو پۆست و نامەکە نییە، کە ئایا ئەوە چ جۆرە فەرمانەکە، یان چ جۆرە قەدەغەلێکراوێکە، ئەمە یەکەم.

ئەو فەرمانپێکراو و قەدەغەلێکراوە ئاخۆ کەی دێتە خوارەوە بەهەمان شێوە پەیوەندی بەوەوەش نییە لە کوێ دەیهێنێتە خوارەوە، کەی دەیهێنێتە خوارەوە.

جبریل پەیوەندی بەم چوار شتەوە نییە، جبریل ئامێرێکە دانراوە لەلای خودای ڕەحمان مەخلوقە، خودای ڕەحمان فەرمانی پێ دەکات ئەو برە تەوراتە لۆ فلانی ببە خوارەوە کە ناوی موسایە لە فلان جێگەیە، ئەو برە ئینجیلە لۆ فلان پێغەمبەری(علیه السلام و البرکات) ببە کە ناوی عیسایە، ئەو سورەتە بەو جۆرەی و بەو برەی لۆ فلانی ببە خوارەوە کە قورئانەو پێغەمبەرەکەش(علیه السلام و البرکات) ناوی موحەمەدە.

جبریل هەر ئەوەندەی لۆ هەیەو هەر بەمەش راسپێردراوە، لەدەرەوەی ئەوەدا پەیوەندی پێوەی نییەو فەرمانی پێنەکراوە، کەواتە" جبریل لۆ ی نییە دەست بخاتە ماددەی وەحییەوە.

## پێغەمبەریش(علیه السلام و البرکات) کات و شوێنی وەحی نەزانیوە

**چوارەم:** لە ئامێرەکە.. قورئانەکە ئەویش ئەو پەیامبەرەیە(علیه السلام و البرکات)، ئەو مرۆڤەیە کە پەیڕەوەکەی لۆ دێتە خوارەوەو ناوی پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات)، پەیامی لۆ دێتە خوارەوە، ئەو پێغەمبەرەش هەروەکو جبریل پەیامبەرە(علیهم السلام و البرکات)، وشەی پەیامبەر (الرسول) لە زمانی عەرەبی بە زمانی ئەمڕۆمان ببێتە پەرژین لە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) واتە" پۆستە و گوێزەرەوە، ئەو پێغەمبەرەش(علیه السلام و البرکات) کە ماددەی لۆ دێتە خوارەوە ئامێری ناوەوەی دەست دەکات بە ئیشکردن، هەموو کردارەکانی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بەگوێرەی ئەو پەرتووکەی دەبێت، بەگوێرەی ئەو قورئانەی دەبێت، ئامێری ناوەوەی پێغەمبەرەکەی(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ قورئانەکەی هاویەکبوون دەکات، ئەوکاتە ئەگەر هاتوو کەسی داواکراو داوای لێکرا ببێتە ئیماندار، ئەگەر خوێندەواریشی نەبێت تا قورئانەکەی بگرێتە دەست و بیخوێنێ، بەڵام کە سەیری

پێغەمبەرەكەی(علیه السلام و البركات) دەكات لە كردارو ڕەوشت و فەرمایشتەكانی و لە دانپێنانەكانی پێغەمەبەرەكەی یەكسەر فێر دەبێت، یەكسەر ئیمانیشی پێدەهێنێ، لەبەر ئەوەیە (أنبیاء ورسل) بە كردەوەو فەرمایشتەكان و دانپێنانەكانیان (حجة)ن لەناو ئایین، پڕاو پڕ بەرجەستەی پەرتوكەكە دەكەن، لۆیە لە كات و ساتی دیاریكردنی ورد فەرمان بە پێغەمبەری(علیه السلام و البركات) ئێمە كراوەو خودای ڕەحمان پێی فەرمووە: (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى* إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى)(النجم٣-٤)، هیچ پەیوەندی پێوە نییە، دەستی تێدا نییە، زانایانی ڕاڤەكار دەفەرموون: وشەی (آه) دەربڕین (نطق)ە، ئوفف وشەی (أُفٍّ) دەربڕینە، رسول الله(علیه السلام و البركات) مافی ئەوەندەی نییە لە ئایین و قورئان زیاد بكات، مافی ئەوەی نییە بڵێ (آه)، مافی ئەوەی نییە لە خۆڕا بڵێت ئۆف، تا ئەوكاتەی خودای ڕەحمان فەرمانی پێ نەكات، لە دوتوێی ئایەتێك كە لۆی بێتە خوارەوە (فَلاَ تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا)(الإسراء٢٣)، كەواتە" پەیامبەرەكەش كە راگەیەنەر (مبلغ)ە، گوازەرەوەیە لۆ ماناو چەمكی سروشەكە(وحی)، كام سروش؟ سروشی دەرەوە كە هاویەكبوون لەگەڵ فیطرەو ناوەوەی مرۆڤەكە دەكات، كە ئەم ئامێرە لە بنەڕەتدا لۆ ئەو سروشەی دروستكراوەی.

لەبەر ئەوەیە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو پەیڕەوە بووە، جێبەجێكاری سەد لەسەدی ئەو سروش (وحي)ە بوو، هەر گرتەیەك و وێنەیەك لە گرتەكانی ئەو مرۆڤە مەزن و نازدارە ببڕیت و لەژێر ڕۆشنایی قورئان توێژینەوەی لۆ بكەیت، قورئان بكەیتە بلاجكتۆر و مایكرۆسكۆب لۆی، هەست بەوە دەكەیت كە بە ڕاستی ئەو مرۆڤە نازدارە مەزنە، كە چۆن خودای ڕەحمان وەسفی دەكات بە (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيم)(القلم٤).

وشەی مەزن (عظیم) لە قورئاندا تەنیا لۆ قورئان هاتووە، كەواتە" ئەو خەلقەی كە خودای ڕەحمان لە ناو ژوورەوەی رسول الله(علیه السلام و البركات) دروستی كردووە، كە فیطرەكەیەتی، هاویەكبوونی هەیە لەگەڵ ئەو ئامێرەی كە پاشان لۆ ی دێتە خوارەوە كە قورئانەكەیە، لە كات و ساتی بەردەوامییەتی ئیشی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لەسەر فیطرەی خۆی كە دەیكات بە فوئاد، بە عەقل، بە لوب، بەقەلب، دەیكات بەو ئامێرەی كە بەڕاستی لەلایەن خودای ڕەحمانەوەوەردەگیرێت.

دیارە ئەو مرۆڤە بە ڕەوشت (خولوق) گەیشتە ئەو ئاستەی كە خودای ڕەحمان وێكچوواندنی بۆ بكات بەمەزنیی مەزنایەتی ئەو خەسڵەت و ڕەوشتانەی كە تێیدا هەیە، لەبەر ئەوەیە فەرمانمان پێكراوە كە هەر مرۆڤێك بیەوێت ئیمان لە ناوەوەی خۆی بە پێوانەكاریی قورئان بنیات بنێتەوە دەبێ وەكو خودی رسول الله(علیه السلام و البركات) ئەو ئیمانە دروست بكات، فەرموویتی: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً)(الأحزاب-٢١).

ئەو كەسەی شارەزایی لە زمانی عەرەبی هەبێت ئەوا خودای ڕەحمان بە سێ هەڵاوێردن و گەمارۆدان (أستثناء والحصر) تەنیا لە سەرەتای ئەم سوڕەتە دەستنیشانكارییەك لۆ خودی ئەو پێغە مبەرەی(علیه السلام و البركات) دەكا، (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ)، (لقد) لام حەرفی تەحقیقە، قد حەرفی تەحقیقە، كە دێتە سەر كاری ڕابردوو (فعل ماضي) تەحقیق-ی تری دەكات، ڕستەكە بە (جملەی إسمي) دەست پێدەكات، (في رسول الله) (حرف جر)ە، ئینجا (أسوةٍ) نەك (قدوة)، نەك ممثل، (أسوةٌ حسنة) بێجگە لەو حسنة نییە، لەوانەیە بێ لایەن بێت، لەوانەیە خراپ بێت، نەیفەرمووە (أحسن)، دیاریكردووە بە

(أسوة حسنة )(لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ)، ئەو رسول الله یە(علیه السلام و البرکات)، لەبەرچی؟ (لمن کان).. ناڵێت یرید أن یؤمن بالله، بەڵکو دەفەرمووێت: (من کان یرجوا)، وشەی (رجاء) پێشی ئیمانی هێناوە، (لمن کان یرجوا الله والیوم الآخر، لقد کان لکم في رسول الله أسوة حسنة لمن کان)، لە بۆ کێ؟ لۆ هەر کەسێك، هەر یەکێك بیەوێت ئیمان دروست بکات، (لمن کان یرجوا الله) پێش ئیمان هێنان و (الیوم الآخر) سەرچاوەی یاخود ڕوکنی دووەمی ئیمان هێنانە، (لمن کان یرجوا الله والیوم الآخر وذکر الله کثیرا)، رسول الله دەخلی بە ماددەی وەحی نەبوو.

ئاگاداری بە کاتی دابەزینی سروش نەبوو، واتە" نەیدەزانی چ کاتێك وەحی لۆ دادەبەزێت، لەبەرئەوە لە بوخاری و لە موسلیم هەیە زۆرجار پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەسەر پشتی ئاژەڵ سروشی لۆ هاتۆتە خوارەوە، لە ئاژەڵەکە دابەزیوە، زۆرجار وابووە دانیشتووە یان لە ساتی قسەکردن لە ناکاو وەحی لۆ هاتۆتە خوارەوە، جاری وابووە لە خەوندا وەحی لۆ هاتووە، یاخود لە ماڵەوە بووە لە کاتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەحی لۆ هاتووە، یان لە ساتی ڕۆیشتن وەحی لۆ هاتووە، واتە" هەروەکو جبریل نەیزانیوە کاتی دابەزینی وەحی لە چ کاتێکە، تاکو خۆی لۆ ئامادە بکات، نەیزانیوە جۆری وەحی چییەو چی لۆ دێتە خوارەوە، نەیزانییە لە کوێ لۆی دێتە خوارەوە.

وا بووە رسول الله لە ناو مەجلیسێکدا لە گەڵ دەستەی الذین آمنوا معه دانیشتووە، جێگەکەی سەخڵەت و تەسك بووە قەدەرەن ڕانی موبارەکی کەوتۆتە سەر ئەژنۆی هاوەڵێك، لەو ساتەدا وەحی هاتۆتە خوارەوە، هاوەڵەکە بارودۆخی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئەگەر خێرا وەحی تەواو نەبوایە لەبەر قورسیی ئەو وەحییە ئەژنۆم دەشکا، واتە" پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نەیزانیوە کەی و بەچ جۆرێك و لەکوێ ماددەی وەحی لۆ دادەبەزێت، لەکاتێکا بەبێ ئاگاردارکردنەوەش فەرمایشتەکانی لۆ هاتۆتە خوارەوە.

واتە" پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەستی لەم چوار شتەی نییە و پەیوەندی پێیەوە نییە، کەواتە" لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کێ وەحی دیاریدەکات؟ کێ کاتی وەحی دیاریدەکات؟ کێ شوێنی وەحی دیاریدەکات؟ کێ جۆری وەحی دیاریدەکات؟ وەڵامی ئەم چوار پرسیارە تەنیا خودی خودای ڕەحمان خۆی زاڵە و موتەحەکیمە، خۆی حەکیمە، خۆی ئەحکەمە، خۆی دەزانێت چ کاتێك وەحی دادەبەزێنێت، خۆی دەزانێت چۆن وەحی دادەبەزێنێت، خۆی دەزانێت لە کوێ وەحی دادەبەزێنێت، لە هەمووی گرنگتر خودای ڕەحمان خۆی دەزانێت چ جۆرە وەحییێك دێنێتە خوارەوە، ئایا (سورة البقرة) دێنێتە خوارەوە یان (سورة العلق)، ئەوەیە مەبەستمان، دەرەنجام دەردەکەوێت خودای ڕەحمان ویستی لەسەر ئەوەیە دەبێ یەکەمجار (سورة العلق) بێتە خوارەوە، لەبەرچی؟ هەر لەنێو دەرەنجامەکەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا (سورة العلق) بنچینەی یەکەم و تەوەری یەکەمی بنەرەتییە لۆ دروستکردنی ئەو جۆرە ئیمانەی کە خودای ڕەحمان دەیەوێت لەناوەوەی رسول الله لە گەڵ جەمعی(الذین آمنوا معه) دروست بکرێت.

کەواتە" قورئان بە (سورة العلق) ئیمان لە ناخی مرۆڤ دروست دەکات.

باسی ئەوەمان کرد کە (سورة العلق) بناغەی ئیمان هێنانە بە ذاتی خودای ڕەحمان سەرچاوەی ئیمان دروستکردنە لە ناوەوەی مرۆڤ، هۆکاری بەرنامەڕێژییە لە دەرەوەی مرۆڤ کە لەناو قورئانەکەدا هەیە.

خودای ڕەحمان خۆی ئەندازەی ئەو ئیمانەی دادەنێت، خۆشی موتەحەکیمە، لەبەرئەوەی فیطرەی هەموو بەشەرییەت و مرۆڤایەتی بە یەك جۆر مەخلوقە، کەواتە" ئەو پەیامەی کە لۆ یان دێتە خوارەوە کە ناوی قورئانەو لە(سورة العلق)یش کە دەست پێ دەکرێ بە ئیمان دروستکردن، دەبێ هەموو مرۆڤیکیش بەهۆی (سورة العلق) ئیمانەکەی لۆ بگەڕێتەوەو دروست بکرێت و زیندوو بکرێتەوە.

## باشترین ڕێگەبدروستکردنی ئیمان کامەیە؟

پرسیارێك دەکرێت ئایا جگە لەم شێوازە ئیمان دروست دەکرێت؟ بەڵێ، بەڵام دەبێ کۆششێکی زۆر زۆری لۆ بدرێت، هەروەها کاتێکی زۆریشی لۆ تەرخان بکرێت، کۆششێکی زۆر و کاتێکی زۆر، یاخود ئەو ئیمانە دروست دەکرێت کە ئێمە هەمانە، شاراوەش نییە کە کەموکوڕیمان چەندەو گوناهمان چەندە! کێ لە ئێمە بڕوای بەوە نییە خودای ڕەحمان هەیە؟ کێ لە ئێمە بڕوای بەوە نییە یاخود إعتقادی بەوە نییە کە خودای ڕەحمان دەیبینێت، خودای ڕەحمان گوێی لێیەتی؟ خودای ڕەحمان ڕەقیبە لەسەری؟ خودای ڕەحمان خالقیەتی؟ خودای ڕەحمان موهەیمەنە لەسەر کردەوەکانی، خودای ڕەحمان بە هەموو ئەو شتانەش دەزانێت کە بەناو دڵی دا دێت، ئایا کێ لە ئێمە ئەو زانیارییانەی لە مێشك و هزری دا نییە؟ بەڵام تووخوا ئەگەر لەگەڵ یەکتر ڕاستگۆبین کێ لە ئێمە لە کاتی گوناهکردن ئەو حاڵەتانەمان لە دڵ دا هەیە، کاتێك کەسێك لە ئێمە خودای ڕەحمان لێمانی دوور بکات) غەیبەتێك دەکەین، یان گوناهێك دەکەین، ئایا کێ لە ئێمە لەو کاتە خودای لە بیرە؟ دیارە ئەو ئیمانەی کە ئێمە هەمانە ئیمانێکی بەشەکییە (جزئی)، یاخود کەمە یاخود نەخۆشە.

بە بڕوای خۆم خودای ڕەحمان حەکیم و ئەحکەمەو تەنها بە ئەندازەی ئەویش دەبێ ئەو ئیمانە دروست بکرێت، بە بڕوای من سەرچاوەی دروست کردنی ئیمانو خاڵی دەستپێك (منطلق)ی ئیمان دروستکردن و پەیڕەی یەکەم، دەبێ مرۆڤ بە (سورة العلق) دەست پێبکات، کە لەوانەی پێشوودا هەندێك بەشی (سورة العلق)مان لە خزمەتتان باسکرد.

لێرەش دیسان دووبارەی دەکەمەوە، کە سوڕەتەکە دەست پێدەکات لەدوای (بسم الله الرحمن الرحيم۝ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ۝ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ۝ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ۝ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ۝ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (العلق ١-٥)، ئەوە برگەی یەکەمە، برگەی دیکە بە (کلا) دەست پێدەکات کە یەکەم وشەی ڕەقە، بەو (زجر)ە لۆ مرۆڤ دێتە خوارەوە (كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى)(العلق ٦)، کەینێ؟ (أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى)(العلق٧)، ئەنجامەکە چییە؟ (إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى) (العلق٨)، هێڵەکانی لۆ دەستنیشان دەکات (أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى ۝ عَبْداً إِذَا صَلَّى ۝ أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَى ۝ أو أَمَرَ بِالتَّقْوَى ۝ أَرَأَيْتَ

إن كَذَّبَ وَتَوَلَّى)(العلق٩-١٢)، ئەنجامێکی دیکەی دەداتێ (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)(العلق١٤) بەڵێ، إن الله يرى و يسمع، (كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ ۝ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ۝ فَلْيَدْعُ نَادِيَه ۝ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ) (العلق ١٥-١٨)، لۆ خودی ئەو و جەمعی الذين آمنوا معه (كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ)(العلق١٩)، سوڕەتەکە پێنج تەوەری تێدایە، یەکەمین إقرأ، بە کورتی گوتمان وشەی إقرأ بە سێ مانا هاتووە، ئیمڕۆ زیاتر لەسەر بابەتەکەمان بەقوڵدا دەچین، گوتمان یەکێك لە ماناکانی بریتییە لە دخول و چوونەناو، هەروەها بە چەمکی (طهر) پاکوخاوێنی، تەنەسوك(تنسك) نوسوك لە قورئاندا مانای چییە؟ نوسك واتە (طريقه) ڕێباز، کە خۆی فەرموویەتی خودای ڕەحمان بە پێغەمبەرەکەی بڵێ: (قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ)(الانعام-١٦٢)، لە فەرموودەی صحيح لە بوخاری و موسلیم دەفەرمووێت: (خذوا عني مناسككم) واتە" (طريقتكم) ڕیبازەکەتان، ڕێبازەکەی پێغەمبەری(عليه السلام و البركات) لە پەرستش و پەرستشکاریدا، ئەوە پێی دەگوترێت نوسوك، وشەی القاريء بە نوسوك هاتووە، بە مانای شارەزا (التفقه)، (رجل قراء) بە فەتحە یاخود ضمة واتە" (رجل متفقه)، فقه جیایە لەگەڵ عیلم، کابرای عالم مزاولة-ی علمی خۆی دەکات واتە" ئیش بە زانستی خۆی دەکات، دەبێتە مەلەکە پێی دەگوترێت فقیه، لەناو ئێمە بە کابرای فەقێ دەگوترێت فقیه، کابرا فەقێیە ئەو ناوەی لەچییەوە هاتووە؟ ئەوەندە عیلمی خۆی دووبارە دەڵێتەوە تا لای دەبێتە مەلەکە، دەبێتە بەشێك لە قەوارەی، هەرکاتێك و لەچ دۆخێکیش پرسیاری لێبکەن یەکسەر وەڵام دەداتەوە، ئەوە بوویتە فقیە، لەشوێنی تریش بە مانای ئەوە هاتووە مرۆڤ ماددەیەك هەڵگرێت لۆ شوێنێك، بەڵام ماددەیەکی نموونەیی (معنوي) بۆ نمونە" سڵاو، کە پێی دەگوترێت (إقرأ على فلان السلام) واتە" بەیەکێك دەگوترێت سڵاو بگەیەنە بە فڵانە کەس کە لە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت (إقرأ عليه السلام)، لۆ نموونە" بە پشتیوانی خودای ڕەحمان ئەگەر برایەك بە نوێنەر بچێتە خزمەت پێغەمبەری(عليه السلام و البركات) برایەکی دیکە بیەوێت سەلامی پێ بسپێرێت، پێی دەڵێت: (إقرأ على رسول الله السلام)، لە مەدینە سڵاو لە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بکە، مانای وشەی إقرأ چییە لێرە؟ واتە" هەڵگرتن(حمل) و گەیاندن (تبليغ) گوتنەوە (ترديد)، بەو مانایەی شتەکەی هەڵبگرێت و بیگەیەنێت و دووبارەو بیڵێتەوە، لە هەمان کاتدا وشەی قەریئە بە (وقت) کات هاتووە، وشەی (أقرأت) ئەقرەئەت بە نزیکبوون هاتووە واتە" (دنا) و (أقرأ من سفره) بە مانای گەڕانەوە هاتووە (الرجوع)، ئەم هەموو زاراوانە وشەی (قرء)یە لە پەرتووکەکانی (لسان العرب، معجم مقاييس اللغة، مفردات راغب الاصفهاني و..) هەروەها فەرهەنگەکانی تریش، ئەوە هەمووی مانای وشەی (قرء)، لە ئەنجامدا لۆ مان دەردەچێت، وشەی قرء یاخود إقرأ نەك إدرس ئەوە نییە جبريل بە چاپکراوی یان نووسراوی سوڕەتی عەلەقی دابێتە دەستی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) و فەرمانی پێ کردبێت بخوێنە، نەخێر، چونکە لە بنەڕەتدا پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) کە وشەکەی لە حەزرەتی جبريل گوێ لێبوو وەڵامی دایەوە (ما أنا بقارىء)، بە بۆچوونی پێغەمبەری(عليه السلام و البركات) ئەو قیرائەی کە لە ناو زمانی عەرەبی بە دیراسەت ناوی هاتییە واتە" (أدرس)، إقرأ بەو مانایانە هاتووە إقرأ بکا، (إقرأ باسم ربك الذي خلق) بەو مانایانە نەك بخوێنە، کە ئێمە ئیمڕۆ دەچین قورئان دەخوێنین، بەم چەمکەی ئەمڕۆ ئەوە دیراسەتی قورئان دەکەین، لە قورئان دا (تدرسونه) بەو مانایە هاتووە، وشەی قیرائە مانای

پەیڕەو (منهج) وەرگرتن بە شێوازو چۆنییەتییەی کە پێغەمبەر (عليه السلام و البركات) کردوویەتی، واتە" کە چۆن پێغەمبەر (عليه السلام و البركات) قیرائەکەی کردووە دەبێ ئێمەش ئا بەم جۆرەی قیرائەکەی بکەین، چونکە خۆی فەرموویەتی: ڕێبازەکەتان لەمنەوە وەربگرن (خذوا عني مناسككم)، ئینجا ئەو قیرائەتە ئەوەندە دووبارە بکەینەوە کە چۆن پێغەمبەر (عليه السلام و البركات) کردوویەتی، هەتا ئێمەش لە قیرائە دەبینە فەقیهـ (فقيه)، وەکو کابرای فەقێیەکەمان لێدێ و دەبێتە مەلەکە لە ناخماندا، ئەو قیرائەیەش دەبێتە ماددەیەك پێوەمان دەلکێت، لە ناخماندا کاریگەریی دەبێت، لە ژوورەوەمان هەڵیدەگرین، هەموو کاتێکیش بمانەوێت وەکو ئامێری تۆمارکردن (مسجل) پەنجەمان لەسەر دانا دووبارەی دەکەینەوە و دەیگەڕێنینەوە و نوێی دەکەینەوە، ئەوە وشەی قیرائەیە، هەرکاتێکیش بمانەوێت، چونکە وشەی قیرائە بە کاتیش هاتووە هەرکاتێکیش بمانەوێت ئەوا قیرائەمان لە ژێر دەست دابێت و بتوانین قیرائەکە ئەنجام بدەین، ئەوەندەش لەم قیرائەیە نزیك بین کە یەکێك لە ماناکانی بریتی بوو لە نزیك بوون (دنا) نزیکییەکەمان لەگەڵ قیرائە وەك ئەوەی پێمانەوە نووسابێت، ئەگەر هاتوو لە بیریشمان چوو ئەوا بگەڕێینەوە سەری، چونکە بە مانای گەڕانەوە (رجوع) هاتووە، پێغەمبەر (عليه السلام و البركات) و أبو بکرو خەدیجە (رضوان الله عليهم جميعا) و مصعب ابن عومەیرو عبدالرحمن بن عوف و سعد بن أبي وقاص، ئەوانە هەموویان قیرائەیان دەکرد، ماذا کانوا یقرؤن؟ خودای ڕەحمان وەڵام دەداتەوە، (إقرأ باسم ربك الذي خلق)، ئەوە بنەما (رکن)ی یە کەمە، بەندی یەکەمە لە ڕێسای ئیمان دروست کردن، دەبێ خودی ئەوکەسە ئەوەندە ئەو مەخلوقاتانە بخوێنێ تاکو دەگاتە ئاستی ئەو مانایانەی کە لۆ وشەی قیرائە باسمان کرد، **قیرائەکەش بە چاو دەکرێت، پاشان بە بیروهۆش، پاشان بە فیطرە، هەموو کاتێك ئەو مەخلوقاتانە لە پێش چاویەتی، هەموو کاتێکیش بە کردەیی هەست دەکات کە ئەو مەخلوقاتانە پەنجەمۆری مەخلوقییەتیان لێدراوە، لەبەرچی هەموو کاتێك دەیانخوێنێتەوە؟** تا ئەو حاڵەتەی لەناو ناوەوەی دروست ببێت و فیطرەکەی دەست بەخوێندن بکات، پێغەمبەر (عليه السلام و البركات)، قیرائەی کردووەو قیرائەی قورئانی کردووە، لە پاش ئەوەی بە کردار قیرائەی قورئانی دەرەکیی کردووە کە مە خلوقاتە، لە سەرەتا گوتمان ئەو هەموو مەخلوقاتانە بە سیستەمێك دروستکراون، سیستەمێکی دیاریکراو و ڕێکوپێك و بەرنامەڕێژ، قورئانیش پەیڕەوو پرۆگرامە، کە پێغەمبەر (عليه السلام و البركات) دەیەوێ زەمینە لۆ قورئان لە ناوەوەی خۆیی و لە فیطرەی خۆی دروست بکات، دێت قورئانی دەرەکی دەخوێنێتەوە کە بریتییە لە گەردوون و سیستەمە دەرەکییەکەیە، کامە قورئانیش فێری ئەو قیرائەیەی دەکات؟ بێگومان قورئانی پەیڕەوی خودای کە وەحییە، کەواتە" هەرسێ پەیڕەو لەگەڵ یەك هاویەکبوون (تطابق) دەکات.

## دروست بوونی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و بوونەوەر

ئەو هاویەکبوونانەش بریتین لە:

أ- قورئانی داخل، کە لە ناو فیطرەیە.

ب- قورئانی دەرەكی، كە گەردوونە.

ج- قورئانی خودای ڕەحمان كە سروشە (وحی)ەو پەیڕەو و پرۆگرامەكەیە.

هەرسێ قورئان هاویەكبوونێك لە نێوانیان دێتە ئاراوە، پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) قیرائەی هەرسێكیان دەكات، لەم ئان و ساتەی قیرائە (بەم مانایانەی قیرائە كە پێشتر باسمانكرد ) ئەوەندە قیرائە دەكات، تا دەگاتە ئەو ڕاددەیەی قیرائەكە دەبێتە ڕەوشت خولوق تێیدا، ئەوەیە خودای ڕەحمان لە سوڕەتی دووەم دەفەرمووێت: (وإنك لعلى خلقٍ) چ جۆرێك؟ دەستنیشانی دەكات و دیاریی دەكات بە (عظیم) (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ)(القلم٤).

پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بەڕاددەیەك قیرائەی كرد، كە بووە مەلەكە تێیدا.

تەفەقوهی قیرائەی كرد، بووە بەشێك تێیدا، ئەم قیرائەیە هەموو بوون و قەوارەی گرتەوە، لەبەرئەمەبوو مەخلوقاتی دەرەكیش لەگەڵ خودی ئەو پێغەمبەرەی لەگەڵ فیطرەی ئەو پێغەمبەرەی لەگەڵ وەحی ئەو پێغەمبەرەی هاویەكبوونی دەكرد، لە نێوانیاندا سازانێك دروستبوو، یەكبوونێك هاتە ئاراوەو ویستی خودای ڕەحمان لە ناوەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) هاتەجێ، بە هۆی جێبەجێكردنی وەحی، وەحی دەرەكی، گەردونیش مەخلوقاتی خودایە، بەگوێرەی ویستی خوداش دروستكراون، ئەوانیش بەدەنگ پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)ەوە هاتن، لۆیە بوخاری دەفەرمووێت: ماوەیەك هەیە لە نێوان نبووەت و ریسالەت، لە وانەكانی سیرە پێشتر باسمان كردووە، لە بوخاری دەگێڕتەوە: لە قۆناغی نبووەت بەردێك لە ناو مەككە هەبوو كاتێك كە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بە لای دادەچوو، بەردەكە سڵاوی لێدەكرد، لە دوای ئازادكردنی مەككە هەندێك هاوەڵەكانی داوەت كردو گووتی: با بچینە لای ئەو بەردەی كە كاتی خۆی لە ئان و ساتی نبووەت لە پێش سەردەمی ڕیسالەت سڵاوی لێ دەكردم، بە چ زمانێك؟ بە زمانی عەرەبی سڵاوی لێدەكرد، پێشی دەفەرموو: (السلام عليك يا رسول الله)، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ببێتە پەیامبەر (رسول)، چونكە ناوبڕێك لە نێوان جۆری ڕیسالەت لەگەڵ جۆری نبووەت هەیە، پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) نە بی بوو پێشووتر، نبيء بإقرأ پاشان بووە ڕەسول پاشی سێ ساڵان، ئەم ماوەیەی پێغەمبەر ژووریی لەگەڵ سروشەكە هاویەكبوونی كردو ماددەی دەرەكیش بەدەنگەوە دێت و وەڵامدانەوەی دەبێت، لۆیە بە پشتیوانی خودای ڕەحمان ئەگەر دەرفەتی داین لە كۆتایی دروستكردنی ئیمان، بە یاسای قورئانیی دەیسەلمێنین و بە قورئان دەیسەلمێنین كە چۆن چۆنی ماددەی مەخلوقاتی گەردوونیی ژێربارکراوە (تسخیر)، تا ئەو ساتەش ئەو ماددەیەی لەم گەردوونە هەیە ژێربارکراوە، ئەو خۆرە چاوەڕوانی ئاماژەی ئیماندار دەكات لۆئەوەی هەموو وزەی خۆی بداتە مرۆڤی ئیماندار بە چەمكی ژێربارbوون(تسخیر)، وەكو بەندەیەك خۆر بێت گوێڕایەڵی و گوێداری خۆی لۆ مرۆڤی ئیماندار بسەلمێنێت، مانگ بەهەمان شێوە، میرووڵەش بەهەمان شێوە، بە قورئان دەیسەلمێنین كە ئیمان دەگاتە ئەو ئاستەی كە بەڕاستی مرۆڤی ئیماندار دەبێتە جێنشینی خودای لەسەر زەوی، بەماددەی سروشی خودای مامەڵە لەگەڵ ئەم هەموو بوونەوەرە دەكات، پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لە

ژوورەوەی خۆی إقرأ دەكا، لۆ؟ لۆئەوەی هەرچی مەخلوقاتە پەیوەندی ئاسۆیی لەگەڵیان دروست بكات، بە داوای لێبوردنەوە دەڵێم ئێستا ئێمە لە دۆخێكی گێژی (بەلاهەتی) ئیمانیدا دەژین لەگەڵ مەخلوقات، لۆ نموونە" هیچ نەبێ دەبێت مرۆڤ بە بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بزانێت ئەو مەخلوقەی بەرامبەری بەشە پشكێكە لە ماددەی ژێربارکراوی خۆی، لەهەمان کاتیش ئەو مەخلوقە خالقێك لۆ ئامانجێكی دیاریكراو دروستی كردووە، ئەویش ئەوەیە تاكو بێت خزمەتی ئەو ئیماندارە بكات، كاتێك ئاو دەخواتەوە، یان كاتێك خواردن دەخوات، هەناسە هەڵدەمژێت، هەناسە دەداتەوە، كاتێك لە ئاوێنە سەیری خۆی دەكات، كاتێك مرۆڤ و چاوی مرۆڤ دەبینێت، گوێچكەكانی مرۆڤ دەبینێت، قژی مرۆڤ دەبینێت، دەبێ لەگەڵ هەموویان مەخلوقییەتی ئەو مەخلوقەی لۆ ئاشكرا ببێت، هەموو كاتێك دەبی هەست بكات ئەو ماددەی بەرامبەر مەخلوقە، واتە" ماددەی بەرامبەر ماددەیەكی دابڕاو نییە لەودا، دابڕاو نییە لە ذاتی الله، دابڕاو نییە لە ذاتی پەروەردگار (رب)، بەڵكو مەخلوقە، كە ئەو دۆخەی لە ژوورەوە بۆ دروستبوو، ئەوكاتە پەیوەندییەكی ڕیشەیی لە نێوان خۆی و نێوان ئەو ماددەیە دروست دەبێت.

دەبێت هەست بكا، چۆن ئەو هەستە دروست دەبێت؟

## چۆنیەتی قیرائەكردن

مرۆڤ لە كاتی دیاریكراو چاوەكانی دەنوقێنێ، لەڕێی بەصەڕەوە بیر دەكاتەوە، بەپشتیوانی خودای ڕەحمان پاشان وردتر دێینە سەر باسی ئەو بابەتە، چونكە ئەو قیرائەیە دەبێت لە كاتێكی دەستنیشانكراودا ئەنجام بدرێت، كە لە ڕۆژدا وێنەی زۆری بینیوە، كاك زەیدی بینی كاك عوبێدی بینی، سەیری چاوەكانی كاك زەید دەكات، جا ئەو كاك زەیدە بەهۆی ئەو چاوانەیەوە چۆن دەبینێت؟ هەست لە گوێچكەكانی دەگرێت كە چۆن بەهۆی ئەو گوێیانەی گوێبیست دەبێت؟ لەبەرچی پەنجەی پێیەكانی كاك زەید بەم شێوەیە دروستكراوە؟ لەبەرچی نینۆكەكانی پێی كاك زەید لە ژێرەوە نییە لە سەرەوەیە؟ لەبەرچی پێستەی كاك زەیدی بەم شێوەیە؟ لەبەرچی سروشتی كاك زەید بەم جۆرەیە، چۆن كاك زەید دەتوانێت ئەم هەموو ڕەنگ و وێنەیە ببینێت؟ تەنیا لۆ ڕەنگی سوور چاوی كاك زەید (٣٠) هەزار سوور لەیەكتر جیا بكاتەوە؟ چاوی كاك زەید چۆن دەتوانێت ئەو هەموو ڕەنگی سوورە لەیەكتر جیا بكاتەوە؟ جگە لە ڕەنگی سوور، سپی هەیەو سەوزو ڕەش هەیە، هەروەها ڕەنگی زەرد و ڕەنگی فستقیش هەیە.. تد، ئەم هەموو ڕەنگە هەیە، باشە چۆن وێنەكە لە چاوی كاك زەید دروست دەبێت؟ پاشانیش لە مێشكی چاپ دەبێت؟ كە چاوی كاك زەیدی بینی توێژینەوە بۆ هەموو ئەمانە دەكات لە چاوەكانی كاك زەید، ئەو حاڵەتە بریتییە لە قیرائە، كاتێكیش بە كاك عوبێدی برای دەڵێت كەمێك ئاوم لۆ بێنە، كاك عوبێدیش پەرداخێك ئاوی لۆ دێنێت ئەوكاتە سەیری ئەم ئاوەی دەكات، سەیر دەكات كە ئەم ئاوە چۆن ئامادەكراوە؟ لەبەرچی بەم جۆرە ئامادەكراوە؟

سبحان الله! باوەڕ بکەن هیچ وەڵامێکی لۆ نامێنێت تەنیا خۆدانە دەست نەبێت و تەسبیح بکات، یەکسەر بڵێت: (سبحان ربي العظيم وبحمده، سبحان ربي العظيم وبحمده).

ئاشکرایە ئۆکسجین گازێکە یارمەتی سووتان دەدات و هایدرۆجینیش دەسوتێت، سەیرێکی ئەو ویست و مەزنایەتییەی خودای ڕەحمان بکەن، سبحان الله! ماددەیەك بسوتێت و ماددەیەکیش یارمەتی سووتان بدات، ئینجا ئاوی لێ ئامادە بکات! (الله أكبر).

ئەم دوو ماددەیە بەیەکەوە بلکێنێت و ئاو بەرهەم بێنێ، $H_2O$ واتە" ئاو، چینە هەوای سەر ڕووی زەوی سەدا حەفتای هایدرۆجین بێت، ئەوەی تری ئۆکسجین و نایترۆجین و هیلیۆم و گازی تر بێت، ئایا ئەوە بەربەرەکانێ (تحدي) نییە؟ ئەوەبوو پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) قیڕائەی دەکرد، سەیری ئەو ئاژەڵەی دەکات بیچووی دەبێت، چۆن دەتوانێت بێچووەکەی گەورە بکات؟ سبحان الله چۆن دەتوانێت بێچووەکەی شیر بدات؟ کێ ئەم هێزو توانایەی پێداوە؟ کێ ئەو زانستەی داوەتێ؟ کێ ئەم تێگەیشتنەی داوەتێ؟ کێ ئەو توانایەی داوەتێ کە ئەم ئاژەڵە بێچووەکەی خۆی بەخێو بکات؟ یان کاتێك پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) سەیری باڵندەی دەکرد، سەیری بولبولی دەکرد، دە هەزار جۆر بولبول هەیە، تەنیا سەیری گەرووی بولبول بکە الله أكبر! کە چ دەنگێکی خۆشی لێ دەردەچێت! هەر جۆرە گەروو و هەرجۆرە بولبولێك جۆرە سیمفۆنییەێك دەردەکات، سیمفۆنییەی ئەو جۆرە بولبولە لەگەڵ جۆرێکی تر لە بولبول جیاوازەو هەڵەش ناکەن، ئایا دەزانن ئەوانە هەمووی تەسبیحاتە؟ هەریەکە بە زمان حاڵی خۆی و بە زمانی خۆی تەسبیح دەکات.

پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دەهات ئەو بولبولەی دەهێنا پێش چاوی خۆی، ئەو بولبولە تەسبیح دەکاو دەنگێکی زۆر خۆش دەردەهێنێت، ئایا کێ فێری کردووە؟ کێ ئەو زانستەی پێداوە؟ کێ ئەو تێگەیشتنەی لۆ دروستکرد؟ کێ بە بەردەوامی ئەو توانایەی دەداتە ئەو بولبولەی تاکو هەتا ماوە ئەو بولبولە لەم سیمفۆنییەدا هەڵە نەکات؟ کێ؟ سبحان الله! پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) قیڕائەی دەکرد، ڕەنگی بولبولی دەهێنا پێش چاوی خۆی، پەڕەی شین، ڕێك لە تەنیشتییەوە پەڕەی پرتەقاڵی هەیەو بە ئەندازەیەکی دیاریکراو ئەمانە ڕیز کراون.